# شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا

لێدوانی: کامەران سوبحان
(سلێمانی)

ئەم ناونیشانە ناوی کتێبێکی (١٦٠) لاپەڕەییە و لەلایەن بورهان قەرەداغی شانۆکارەوە نووسراوە و لە ساڵی (٢٠٠٤) لە سلێمانی چاپکراوە، نووسینی من لەسەر ئەم کتێبە ڕەنگە لە چەند لایەنێکەوە مایەی سەرنج و بایەخ بێت، کە گرنگترینیان ڕەنگە بۆ ئەو بۆشاییە گەورەیە بگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ بەداخەوە دەڵێم نووسین و کتێب لە هونەری شانۆدا بە ڕێڕەوێکی زۆر خامۆشدا دەڕوات و ڕەنگە ئەم خامۆشییەش پەیوەست بێت بەو بێدەنگییەی کە سەرجەم لایەنە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانمانی گرتبێتەوە، بۆیە ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی مایەتی بۆ نووسینی کتێبێکی مەنهەجی و قووڵ، بەڵام هەمان کات نووسەر تەرحی بابەتێکی کردووە کە لە مێژووی شانۆی ئێمەدا مایەی قسە لەسەر کردن و هەڵوێستەیە، بەڵام لێی بێ دەنگین، ئەو چەمکەش ڕەوتی ئەزموونگەرییە کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی شانۆی ئێمەدا قسە و باسی لەسەر کراوە و تا هەنوکە هیچ ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە.

گەورەترین گرفتی ئەم کتێبە لە تەرحکردنی بابەتەکانیدایە گەر وانەبایە دڵنیام سەنگ و قورسایی گەورەی دەبوو، تەرحکردنیشی لە مەوداو ناونیشانی سەرباس و بابەتی کتێبەکەدایە، کە چەند وتارێکن جگە لە یەکەم وتار کە (شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا) و وتاری (شانۆ تابۆیە و جەستە بێزار و شانۆ لە پەراوێزدایە) هیچ وتارێکی تریان کە نزیکەی حەوت بەشی تری کتێبەکەیە پەیوەست نییە بە ناوەڕۆکەوە، لەوانە (سەمای میللی و چ هونەرێکمان دەوێ و خەونی گورگەکان و بەزەخرەفەکردنی جووڵە.. تاد) کە ئەمانە کۆمەڵە وتارێکن لەم کتێبەدا ناچنە ئەو شاڕێگەی کە ئەم کتێبەی لە پێناودا نووسراوە. ڕەنگە یەکەم وتاری کتێبەکە (شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا) کە دواتر بۆتە ناوی کتێبەکە بەس بووبێت بۆ ئەوەی نووسەر هەڵوێستە لەسەر ئەم لایەنە و ڕەوتی ئەزموونگەری بکات لە شانۆی کوردیدا... بۆ ئێمەی نەوەی ئەم قۆناغەی شانۆی کوردی ڕەنگە حاڵەتێکی تەندروست بێت کە بمانەوێت لەسەر ڕەوت و ئەزموونی ڕابردوو قسە بکەین، بەتایبەتی (بورهان قەرەداغی)یش بە جورئەتێکی گەورەوە پەردە لەسەر ئەو ڕابردووە لائەدات، بەڵام من پێم وایە ئەم کتێبە پێویستی بەچاپی تر هەیە و هەروەک ئەوەی یەکەم چاپی کتێب بۆ ئەوەیە نووسەر سەرنج و تێبینییەکانی خەڵکانی تر وەرگرێت و لەچاپی دووەمدا ئەوەبێت کە خۆی دەیەوێت و بەو سەرنجانە دەوڵەمەندی بکات، هەرچەندە نووسەر لەپێشەکیەکەیدا ئاماژەیەکی چاکی کردووە کە ئەم کتێبە لە چەند وتارێک پێکهاتووە و مێژووی نووسینیان بۆ ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠١) دەگەڕێتەوە



که نزیکەی (٨) ساڵ بۆ نووسینی بابەتگەلێکی ڕۆژانە ڕەنگە کات و مەودای نووسین و گەرمی ورووژاندنی بابەتەکان لە مرۆدا بەسەربچن، چونکە زیاتر ئەو لەسەر چرکەساتەکانی ڕەوتی شانۆ دواوە کە سێ نموونەی نمایشیشی وەرگرتووە(١) گەر لە یەکەم وێستگەی نووسینەکەمان لەسەر ئەم کتێبە لەسەر ڕەوتی ئەزموونگەری بدوێین. کە دەوڵەمەندترین بابەت و تەوەرەی کتێبەکەی نووسەرە ئەوا ڕەنگە نووسەر بابەتێکی ورووژاندبێ یان لە دەرگایەکی دابێت کە پێشتر کەم کەس لێیدابێت. ئایا ئێمەی شانۆکاران هیچ ڕۆژ پرسیارێکمان لەخۆ کردووە؟ ئەزموونگەرەکان کێ بوون؟ پەیامی ئەوان بۆ شانۆ چی بوو؟ چ بەرهەم و فۆرمێکی تازەیان بە ڕەوتی شانۆی کوردی پێشکەش کرد؟ نووسەر لە پشتی ئەمانەوە دەیەوێت لە مەودای ئیشکردنی ئەوانەوە درێژبێتەوە بۆ ڕەوتە مێژووییەکان و سەرەتا و بنەمای زاراوەکە و دواتر ئیشی خۆی لە ئەزموونەکە بگرێت، بۆیە زۆرجار بورهان لەم نێوەندەدا پەلی هاویشتووە بۆ کەسان و فۆرمی جیاوازتر لە ئەزموونگەری کە ئەو ئەحمەد سالار وەک ناوێکی دیار باس دەکات و ڕەخنە و سەرنجی خۆیشی سەبارەت بە ئەزموونی ئەو دەخاتە ڕوو کە کورتەی بۆچوونەکەی بورهان ئەوەیە کە ئەحمەد سالار ئەو دەق و تێکستانەی لە شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانەوە هەڵدەهێنجا و لە نمایشدا گرنگی دابوو بە کەرەستەی مۆزەخانەیی و فۆلکلۆری کوردی و ئەو پێی وایە ئەم هەوڵدانەی سالار زیاتر لە یەکەیەکی فۆلکلۆریدا بوون و بە پەڕینەوە بۆ یەکەیەکی شانۆیی و بەوپێیە (جاجم هەر لە جاجم)ە و دەف هەردەفە و بەبێ گۆڕانکاری، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەم مامەڵە کردنەی نووسەر لەگەڵ ئەزموونی سالاردا شکڵێک لەسەر پێیی پێوە دیارە.(٢)

لەوەش بترازێ نووسەر بۆ ئەوەی زیاتر خوێنەر ئاشنا کات بەوەی ئەزموونگەری چییە و چۆن سەری هەڵداوە، سەرەتا لە زاراوەی (ئەزموونگەری EX-PERIMETAI)یەوە دەستی پێکردووە، کە ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی زانستییە و (داروین) لەتیۆری گەشەسەندن (التحول)دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بەکاری هێناوە، بە مەبەستی چەمکی ئازادبوون لە تیۆری کۆن و باوەکان و پەڕینەوە لەو چەمکانەوە بۆ چەمکی نوێ و مۆدێرن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە زانستییەکان. هەر سەبارەت بە هەمان زاراوە (کلۆد برنارد) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی (پێشەکییەک لە لێکۆڵینەوەی زانستی پزیشکی) زاراوەی ئەزموونگەری بەکارهێنا. ئەمە جگە لەوەی ئەم زاراوەیە لای هونەرمەندە شێوەکاریەکانی وەک (مانیە و مۆنیە) بەکارهاتووە بۆ شێوازێک لە دوورکەوتنەوە و ئازادبوون لە ڕێگەی وێنەگرتنی کۆن و فۆرمە باوەکان و دۆزینەوەی فۆرم و شێوازی نوێ.

ئەم سەرەتا مێژووییەی نووسەر خاڵێکی زۆر میتۆدییە و دەبایە تا دوا دێڕی کتێبەکە بەو فۆرمە بچوایە، بەڵام هێنانی چەند وتارێک بۆ ناو کتێبەکە بەدەر لەو تەوەرانەی خۆی زانستی بوونی شێواندووە، بەڵام سەرەتایەکی مێژوویی باش چۆتە ناو بابەتەکەوە بریا ئەم تەوەرە درێژ دەکرایەوە بۆ ناو قووڵایی نووسینی کتێبەکەی.

دواتر باس لەو گرووپە شانۆکارە (پرۆفیشناڵانە) دەکات کە گرووپی ئەزموونگەرییان لەساڵی (١٩٨٦) لە سلێمانی دامەزراند کە بریتی بوون لە هونەرمەندان [شەماڵ عومەر- کەریم عوسمان- دانا ڕەئووف] کە ئەم گرووپە بە بڕوای من لەو چرکە ساتەدا گڕوتینێکی گەورەیان بەخشی بە ڕەوتی چەقبەستووی ئەو قۆناغەی شانۆی کوردی.

ئەم گرووپە شانبەشانی ئیشکردنە پراکتیکییەکە هێڵێکی تیۆریشیان هەبوو، کە ئەم هێڵە زیاتر کاری لە قووڵایی ئیشکردنی ئەمان ئەکرد لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا جگە لەگرتنی کۆڕ و سیمیناری هونەری لەسلێمانی.

ئەم گرووپە دواتر بوو بە گرووپی (کۆمەڵەی ئەزموونکاران)، شەماڵ عومەر یەکەم تەقەلا و ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی وەک پرۆژەیەک لە چوارچێوەی کاری ئەزموونگەرییدا پێشکەش کرد، ئەو ئەزموونەش شانۆگەری (غۆرێلا) بوو، کە دەقی نووسەری ئەمریکی (یۆژین ئۆنێل) بوو، ئەم ئەزموونە ئیدی بوو بە سەرەتای ئەو ئەزموونە جوانانەی ئەم گرووپە کە بەو ئاڕاستەیە کاریان دەکرد.

[دانا ڕەئووف] یەکێک لەو گرووپە پێکدەهێنێت سەبارەت بە مێژوو مەبەستی ئەزموونگەری دەڵێت: «لە ساڵی (١٩٨٦)دا قۆناغی دووەمی ئەو گفتوگۆ فکری و شانۆییە دەستی پێکرد. ئەم قۆناغەش چارەنووسسازبوو بۆ پرۆژەکەمان لەم ساڵەدا بۆچوونە شانۆییەکەمان لە سنوورەکانی مەسەلە تیۆری و قسە لەسەر کردن چووە دەرەوە یەکەم هەنگاوە پراکتیکییەکانمان هەڵنا، بێگومان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو یەکەم تەقەللایە زۆر بە

بەها بوو بۆ بەردەوامی ئەو پرۆژەیە ساڵ و نیوێک بوو قسەمان لەسەر دەکرد، نوشوستی ئەو پرۆژەیەش نوشوستی هەموو پرۆژەکەمان بوو، چونکە ئەزموونگەری پەیامی نوێکردنەوەی هەڵگرتبوو، نوێکردنەوەی شانۆ، عەقڵ، نوێکردنەوەی دیدە هونەرییەکەمان.

بێگومان نوێکردنەوەش، بەتایبەتی نوێکردنەوەی عەقڵ ئەوکاتە دەستەبەر دەبێت، کە جیهانبینی بگۆڕێت و کەرەستە و تێڕوانینەکانیش سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین، بە ئاشکراو بێ هیچ تەمومژێک، کە ئامادە بوونی زانستییانەی ڕەوتی ئەزموونگەری خستنە کاری ئەقڵێکی نوێ بوو، یەکەم هەنگاوی جیابوونەوە لەگەڵ (ئەوانیتر) واتە عەقڵی (تەقلیدی) بزاڤی شانۆی کوردی جیابوونەوەکانیش بوارەکانی تێگەیشتن، خوێندنەوە، ڕاڤەکردنی گرتەوە.(٣)

من لێرەدا دەپرسم بورهان قەرەداغی چەندێ توانیویەتی کەشفی ئەو دێرانە بکات کە (دانا ڕەئووف) وەک یەکێک لە کارەکتەرە ئەکتیڤەکانی ئەو گرووپە باسی لەو ڕەوتە کردووە؟ تا چەند بورهان توانیویەتی ڕەوتی ئەزموونگەری کوردی بە هەردوو دیوەکەیدا بخوێنێتەوە؟ چ بە دیوی نێگەتیڤ و چ بەدیوی پۆزەتیڤ؟! پێم وایە هەوڵی دابێت ڕەخنەی خۆی لە ئەزموونگەری بگرێت وەک تەوژمێک کە بەکولتوور و نەرێت و ترادسیۆنی ئێمە نامۆیە، کە ئەو پێی وایە، نەک ئەزموونگەری لە بونیادی ڕۆشنبیریمانەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو هیچ تیۆر و میتۆدێک ئامادەبوونی دیارنییە کە لە بونیادی ڕۆشنبیریمانەوە سەری هەڵدابێت و گەشەی کردبێت.(٤)

من گەر بمەوێت دیالۆگی ئەم ڕستەیەی بورهان بکەم ڕەنگە لە زۆر تەوەرەدا ڕاستی و حەقیقەتی پێ ببەخشم، بەڵام دواجاریش ئەو کەمەندکێشمان دەکات بۆ ڕەهەند و لایەنێک کە مەبەست و ئامانجی خۆمانی لێوە دوورە کە ئێمە دەمانەوێت سەرنج و مەبەستی خوێنەر و شانۆکار بۆ ئەوە ڕاکێشین کە گفتوگۆ لەسەر ئەم کتێبە بکات لە هەموو لایەنێکەوە.

ڕەنگە ڕەخنەکانی (بورهان) لە ڕەوتی ئەزموونگەری ئەو ڕەوتەی کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا هەر هیچ نەبێت هەوڵی داوە بە فۆرمێکی ناباو و ناتەقلیدی کاربکات، ڕەخنەیەکی زیاتر میتا کولتووری بێت بەوەی کە کولتوورێک لە بنەماوە هێزی ئەوەی نەبێت ڕوحی کرانەوە و نوێگەری وەرگرێت، بە شێوازێک هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی نوێخوازی لە ڕەوتی ڕۆشنبیریماندا تووشی جۆرێک لە بێئومێدی هاتووە، ئەمەش ڕەنگە بە پلەی یەکەم لای منیش بۆ ئەو بارودۆخە مێژوویی و کولتوورییە بگەڕێتەوە کە بوونەتە بنەمای کۆنکرێتی عەقڵی ڕۆشنبیریمان بەر لەوەش لە کرۆکی بابەتەکەشدا من پێم وایە (کۆمەڵەی ئەزموونکاران) بە زمانەکەی (دانا ڕەئووف) لە قۆناغێکدا توانییان پرسیاری نوێگەری بکەن با ئەو قۆناغەش لە ڕەوتی شانۆ توانای وەڵامدانەوەی پرسیار و تەرحەکانی ئەوانی نەبووبێت، بەڵام بە ئێستاشەوە بەو هەموو گۆڕانە جۆراوجۆرانە لە ڕەوتی شانۆ کە باس لە قۆناغی هەشتاکان دەکەین ناکرێت ناوی (شەماڵ عومەر و دانا ڕەئووف و کەریم عوسمان) و چەند دەنگێکی تر نەکەین لە ڕەوتی ئەزموونگەرییدا، کە باس لە نمایشەکانیش دەکەین ئەوا [غۆرێللا و خەج و سیامەند] دوو ناوی زۆر دیارن لە زاکیرەی هەمووماندا.

دەبایە نووسەر لەو بۆشاییانەی بدایە لەنێو ئەندێشە و کۆنەستی ئەو نەوە نوێیەدا کە هەیە کە هەموو ئەمانە لەبەرچاویان جگە لە تارمایی هیچ شتێکی تر نییە، چونکە نەوەیەک هەیە ئێستا ڕابردوو ناناسێت، نەوەیەک نازانێت لە ڕابردوودا چ گوزەراوە، ڕەنگە ئەمانیش ناحەقیان نەبێت، چونکە کارەکتەری هونەری ئێمە لەئاست باسکردنی ڕابردوو کارەکتەرێکی بۆش و بێ ڕەهەندە، کارەکتەرێکە وا دەزانێت باسکردنی لە ڕابردوو نوستالیژیا و مەرگە، نازانێت دەکرێت لەو ڕابوردووە چەندین فۆرمی نوێی هونەری و چەندین ئەزموون بەرهەم بێنێت، کە ڕەنگە ئەزموونگەریش بەرەنجامی ئەو کارکردنە بێت.

نووسەر مادام ناوی ئەم وتارەی کردۆتە ناوی کتێبەکەی دەبایە ئەم وتارەی لە هەموو وتارەکانی تری پڕ بایەخ و گرنگتر بوایە، کە من پێم وایە ڕاستە ئەم وتارەی نووسەر بابەتێکی وروژاندووە کە ڕەنگە پێشتر کەمتر ئاماژەی پێدرابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەناسەیەکی ڕۆژنامەیی یان نووسینی ڕۆژنامەیی پێوە دیارە، دەکرێت لە چاپی دووەمدا (گەر ئیمکان هەبێت) زیاتر ئەم تەوەرەیە لەسەری بڕوات و سەربەستیشە لە بابەتەکانی تر کە لەم کتێبەدا بێت یان نا، بەڵام من وادەزانم دەبێت بەشەکانی تریش کۆی گشتییان لەسەر ئەو مانشێتە بێت کە ئەو کتێبێکی لەسەر نووسیوە، چونکە لەپێناسی ئەو بۆ شانۆکار یان بۆ ئەزموونگەری وەک دوو تەوەرەی سەرەکی دەتوانێت بنەمای بەشەکانی تریان هەر هیچ نەبێت ئاراستەی کارکردنی خۆی دابڕێژێت.. ئایا ئەو کە باس لە شانۆکاری کورد دەکات، شانۆکاری کورد کێیە؟ ناسینی

ئەو کائینە چۆنە؟ سیما و تایبەتمەندییەکانی کامانەن؟ ئەی کامەیە یۆتۆبیای ئەزموونگەری؟ ئایا (کۆمەڵەی ئەزموونکاران) لە یۆتۆبیادا بوون یان هەوڵی شانۆکاران بەگشتی لەو قۆناغەی شانۆدا؟ بە دڵنیاییەوە ئەم پرسیارانە لە کتێبی (شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا) یان لە نووسەری کتێبەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی هەوڵێکی جوانی ڕەخنەیی کە هاوڕێیەکمان ڕەنگە ماوەی دوو ساڵ سەرقاڵی نووسینی بێت، لە هەمان کاتدا پرسیارەکانی ئێمەش تەواوی شتە لاوەکی و نووسینە پەراوێزکارییەکانی ئەم کتێبە هەڵئەداتەوە و زیاتر دەیکاتە کتێبێکی مەنهەجی و زانستی لەسەر لایەنێکی زۆر قووڵی هونەری کە (ئەزموونگەرییە) ئیدی وەک ستایلی کارکردن یان فۆرم و دیدگای هونەری..

ئەگەر بەدیوێکی تریشدا نووسەر مەبەستی بووبێت ئەم کتێبە لە چەند وتارێکدا کۆ بکاتەوە کە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردبنەوە بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان بکات، ئەوا پێم وایە ئەم هەوڵە شتێکی ئاساییە و پێشتریش لە دونیای نووسیندا چ لای خۆمان چ نووسەرە عەرەب و بیانییەکانیش چەندین کتێبی وا هەیە کە دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکەین بەتایبەتی هەوڵەکانی (سەمیر سەرحان و نهاد سولەیحە).(٥)

بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا مایەی پرسیار و تێڕامانە قسە کردنە لەسەر ئەزموونگەری و ڕەوتی ئەزموونگەری لە بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا بێ گەڕانەوە بۆ ئەساسیات و مەنهەجیەتی ئەو گرووپە کە کاریان کردووە، لێرەشدا نووسەر جگە لەو چەند پەرەگرافەی وتارەکەی سەرەتا بەهیچ شێوەیەک نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو گرووپە شانۆکارانەی کە خۆیان بە ئەزموونگەرییەوە سەرقاڵ کرد، لە باشترین حاڵەتدا دەبایە هەر هیچ نەبایە بگەڕایەتەوە بۆ ئەو کتێبەی شانۆکار و لێکۆڵیار (دانا ڕەئووف) بەناوی (گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا)، کە لە سوید ساڵی (١٩٩٥) چاپی کردووە. لە کتێبخانەکانی ئێرەش هەن، بە بۆچوونی من بێ چاو خشاندن بەم کتێبەدا قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغەی شانۆ مایەی نەنگی و لاوازییە هەروەک ئەوەی ئەم قۆناغە بە تایبەتی لە هەوڵەکانی دانادا بە دوور و درێژی تیۆرەی ئەو قۆناغەی شانۆیان کردووە و بە چاوێکی ڕەخنە کارانەوە لە سەرجەم بنەما کولتووری و داب و نەریت و ترادسیۆنەکانی کۆمەڵگەدا کاریان کردووە. بەشێوازێک ئەوان وایان دەبینی کە ئەو زاراوەیەی پێی دەڵێن (شانۆی کوردی) لە ڕووی کولتوورێکی دێرینی شانۆییەوە خاوەن هیچ جۆرە تیۆرێکی جوان کاری و بیری تایبەتمەند نییە، تەنانەت لەسەر ئاستی پرۆژە و بازنەیەکی دیاریکراویش، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر گەشەسەندنی پرۆژەی شانۆییەوە هەیە.(٦)

لەم پەرەگرافەوە بە تەواوەتی بۆمان دەردەکەوێت ئەم گرووپە بۆ کاریان کردووە لەسەر بنەمایەک هەنگاویان ناوە، با قۆناغ و کاتێکی دیاریکراویش بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕۆژگارانە بە هەمان گرووپی (ڕوانگە) لەپێش خۆیاندا لەلایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا توانییان پانتایی نووسینی زۆرێک ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بۆ خۆیان داگیرکەن، بەڵام لە کتێبی (شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا)، هەموو ئەمانە ونە، ئێمە نازانین ئەو مەبەستی چییە سەرزەنشتی ئەم قۆناغ و ئاڕاستەیەی شانۆ دەکات. یان ستایش و مەدح، بۆیە ئاسۆی نووسینی فۆرمێک لە ناجێگیری پێوەیە، پێچەوانەی نووسینەکانی تری نووسەر کە قووڵی و مەودایەکی فراوانیان هەیە. بەتایبەتی لە ناوەڕۆکدا پێم وایە نەیتوانیوە بچووکترین مانا ببەخشێتە ئەو مەبەستەی کە کتێبەکەی بۆ نووسیوە، چونکە گەر وابوایە چەندین جاری تریش دووبارەی دەکەمەوە قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغە لەمڕۆدا گەورەترین خزمەت بە ڕەوتی شانۆ دەکات لە هەنووکەدا.

دوا سەرنج و تێگەیشتن لەسەر ئەم کتێبە نووسەر لە یەکەم وتاریدا کە بۆتە ناوی کتێبەکەش دەیەوێت لە وتارێکی (د. عەونی کەڕومی)یەوە لە کۆی بنەما کەڵچەرییەکانی بزووتنەوەی شانۆ بدات و بیانخوێنێتەوە بە بڕوای من لەم حاڵەتەدا شتێکی ئاساییە، بە مەرجێک وەک لێکۆڵیارێکی وریا و میتۆدی بتوانێت کۆی ئاڕاستەکانی ئەو وتارە هەڵوەشێنێتەوە و بنەما و ئاسۆکانی دیاری بکات.

لام وایە دوای خوێندنەوەی ئەو وتارەی (د. عەونی) کە ڕەنگە مایەی هەڵوێستەش بێت، کە ئەو وتارە تەنیا ڕووی دەرەوەی کولتووری شانۆیی دەخاتە ژێر پرسیار و پێوەندییە جەدەلیەکانی نێوان کولتوور و شانۆ لە دوای بونیادی گوتار و ئاماژەکانی بەهیچ شێوەیەک پرسیاریان لە بارەوە ناکات، ئەو دەیەوێت بە دیدێکی مارکسییانە بەشداری بکات لە ڕەخنەگرتن لە کۆی ئەو چالاکییە هونەرییانە و - شانۆ- بەتایبەتی لە بونیادی چالاکی فەرهەنگی و کولتووری لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند کە ئەو پێی وایە ئەم حاڵەتە تەنیا بەشدارییەکی

كولتووری و پەیوەستییانەیە وەک زۆرێک لەو پێوەندییە سۆسیۆلۆژیانەی تر کە لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی مرۆڤ بە سەرجەم کەرەستەکانی تری نێو ژیانی دروست دەبێت(٧) ڕووی دەرەوەی ئەم تێگەیشتنەی (د. عەونی کەرومی) تەواوە، بەڵام لە ڕووی ناوەوەی نەخوێندنەوەی حاڵەتە تایبەتی و نەستییەکان کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ئەخلاق و بیرکردنەوە و تێرامان زۆرجاریش بیروباوەڕی تاکەکان، بەڵام گەر وەک ئەو وەری گرین بەراوردی پرۆژەی مۆدێرنیزمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکەین ئەوا بێ گومان ئەم هونەرە بە حوکمی ئەو پێگە فەرهەنگییەی کە هەیەتی هەرگیز بەراورد ناکرێت و دواتریش ڕەنگە هوشیاری و دنیابینی تاک و بینەر و ڕۆشنبیریەتی ئەم دوو لایەنە لە ئاستێکدا بەراورد ناکرێت.

لەم ئاستەدا من ئەو پەرەگرافەی د. عەونی و وتارەکەشی دەخەمە ژێر پرسیار و پەرەگراف بە پەرەگراف و دیالۆگ و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم بە حوکمی شیکردنەوە و دروستکردنی پردێکی هەمەلایەن بۆ وتوویژ لەسەر ئەم لایەنە هونەرییە، بە هیوای ئەوەی لە سەرەتاییترین ئاستیشدا ئەم نووسینەمان ببێتە گفتوگۆیەکی نێوان من و بورهان قەرەداغی و بە زانستیکردنی سەرجەم هەوڵەکانی.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا- بورهان قەرەداغی (٢٠٠٤).

٢- من نامەوێت لێرەدا سەرنجی خۆم لەسەر ئەم تێڕوانینەی بورهان بڵێم، چونکە بۆ ئەم مەبەستە ئێستاش سەرقاڵی کتێبێکم لەسەر ئەزموونی سالار لە شانۆی کوردیدا لەو کتێبە بە دوور و درێژی موناقەشەی ئەم بابەتەم کردووە و بەهیوام لە ئایندەدا.

٣- ئەم پەرەگرافە لە کتێبی (ئەزموونگەری و داهێنان) وەرگیراوە کە دیالۆگێکی دوور و درێژە و لەگەڵ شانۆکار (دانا ڕەئووف) سازم کردووە لەگەڵ هاوڕێم (شۆڕش محەمەد) لەو کتێبەدا دانا ڕەئووف بە دوور و درێژی لە ئەزموونگەری کوردی ئەدوێت.

٤- شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا. ل«٢٢».

٥- المسرح والتكنيك والأيدولوجيا.

٦- مجلة المدى-ژ-١١-١٩٩٥- سوريا (الخطاب المسرحي) عونى كرومي.